شیعری وەرگەڕاو

ن. سامسونفا

# ڕەنگی سپی ئەی خۆشەویستەکەم

و: عاسی زەنگەنە

ڕەنگی سپیم خۆش دەوێ
چونکە جوانی و خاوێنی لێ دەردەکەوێ
تەنیا لەسەر بەفری سپیدا
ئاسەوارە سپییەکان
دەمێننەوە
تەنیا هەورە سپییەکانن
خۆر ناشارنەوە
گوڵە سپییەکانیشن
نزیکن لە دڵمەوە
خۆشەویستەکەم
خاوەن دوو چاوی ڕەشە
خاوەن قژێکی ڕەشە
بەڵام دڵی سپییە
بۆیە خۆشم دەوێ و

**ئەمڕۆ کەلوپەلی سپی**

**لەبەر دەکەم**

**بۆ ئەوەی بەیەکەوە**

**بەڕێ کەوین بەرەو**

**ئەو کەشانەی کە**

**بە بەفری سپی داپۆشراون**

ئەم خاتوو شاعیرە رووسییە لاوە ئێستا قوتابییە لە کۆلێجی راگەیاندن. رۆژنامەی "لترتور نایا غازیتا"ی وێژەیی ئەم شیعرەی بڵاو کردووەتەوە وەک وێنەیەک لە داهێنانی شاعیرە لاوەکانی رووسیا ساڵی ۲۰۰۸.

